www.kurdistannet.org

23-6-2007 12:28بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تاکەکانی کۆمەڵگەو بە شارستانی بوون ... یادگار ئەمین

نەرویج / ئۆسلۆ
23. 06. 2007

هەر تاکێکی سودمەند لەناو گەلێکی پێشکەوتودا ئەبێتە کۆڵەکەیەکی دامەزراو بۆ ڕاگیر کردنی سەقف و چوار دیواری گۆمەڵگەیەکی شارستانی. بۆیە بەرژەوەندی کۆمەڵگە لەوەدایە کە تاکەکانی بەتەواوی ئازاد بن لە بواری لاشەیی و رۆحی و بیرکردنەوەدا، تاکو ببنە هەوێن و سەرهەڵدانی هزرێکی نوێ و کاریگەر بۆ پراکتیزە کردنی و بە شارستانیەت بوون. بە فراوانتر بڵێین کۆمەڵگەی شارستانی پێکهاتەیەکە لە (تاکە) ڕۆشنبیرو پێگەیشت و لێهاتوەکانی نێو قوڵای کۆمەڵگە، کە بە هۆی ئەو تاکانەوە هانگاوی بەرەو شارستانی بون و کرانەوە بە ڕووی جیهاندا دەنرێت و، گوڕو تینێکی لەبەر چاو بە خۆیەوە ئەبینێت. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگە (نارۆشنبیرو بێ ئاگابن) لە دنیای پێشکەوتن خوازی، ئەوا کارەساتێکی ژێر زەمینی کوشندە ڕوودەدات و کۆمەڵگەش بەرەو دارووخان هەلدێر دەبات. لە کوردستانی نیشتیمانی ئێمەدا هەرچەندە بە ئاگا بون و، کرانەوەی دەروازەری ڕووەو جیهانی بون بە دی دەکرێت، زورێک لە تاکەکانی ئەم نیشتیمانە لە چوار چێوەی پیناسەی (ڕۆشنبیر) دا خۆیان ئەبیننەوە. کەچی کاڵو کرچیەکی تا ڕادەیەک زۆر بەم کۆمەڵگەیەوە ئەبینرێت، لە زۆرێک بواری (کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی... لەهەمو لایەکەوە دەنگۆی ئەوە بەرز دەکەینەوە کە ئێمە گەلێکی ڕۆشبیرین و، بروامان بە داهێنان و نوێ خوازی هەیە. کەچی قێزەون ترین مامەڵە لەگەڵ ئافرەتان ئەکرێت، هەتاکو ئەتوانن کاری (سێکسیان) لەگەڵ ئەکەن و بە کامێرا و موبیلەکان وێنە دەگیرێن و بڵاو ئەکرێنەوە. پاشان هەر (بکەرەکانی ئەم دیاردانە) لۆمەی خێزانی ئافرەتەکان ئەکەن، بەوەی گەر شەرەفیان نەسسەننەوە ئەوا ئابرویان تکاوە. یان ئەبنە پاڵەپەستۆیەکی گەورە لەسەرهەندێک بیری کۆن و داروخاو تاکو هەستن بە (کوشتن) ی ئافرەتێک کە هیچ یاسای دارستانێکیش ڕێگەی کاردانەوەی لەو شێوەیە نادات.. ؟؟ لە لایەکی ترەوە هەر ڕۆژەی سەدان ووتار و ڕەخنە و گازەندە لەهەمو مێدیاکانەوە بەرز ئەبێتەوە، یان لە نێوەندی شوێنە گشتیەکاندا کۆڵەوژێک سکاڵاو دەردی هاوڵاتیان بەر گوێ ئەکەوێت. هەمو لایەک چاوەڕێی چاک بوونو چاکسازی ئەکەن، کەچی بەهۆی بونی ئینتیمای حیزبی و مەسڵەحەتی تاکە مشەخۆرەکانی کۆمەڵگەوە (بە ڕۆشنبیرو نا ڕوشنبیرەوە) شتێکی ئەوتۆ ناگۆڕێت، (ئەمرۆ وەک دوێنێیەو سبەیش وەک ئەمڕۆ) !!؟؟ لێرەدا دەوری تاکەکانی کۆمەڵگە (نێگەتیڤە) هەرچەندە ڕۆشنبیر بن، نابنە (فەکتەرێک) بۆ وەرچەرخان بەرەو نوێ خوازی و گۆمەڵگەی شارستانی. هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ وابەستە بونی تاکەکان بە (ئۆرگانێکەوە یان حیزبێک یان هەر دەستەو تاقمێک) . هەر تاکێکی کورد لە کوردستانی نێشتیماندا بدوێنی، گۆڵێک خەمی خۆی ئەخاتە بەر دەست. لەوانە (نەبونی کەرەبا، گەندەڵی، کەمو کوڕی یاسا.. هتد) کەچی گۆڕانکاریەکی کاریگەربە ئاستەم نابینرێت. ئەم گازەندانەش



ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

23-6-2007 12:28بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

شێوازی دەمەتەقێ لە خۆ دەگرێت و هەر سەرزارەکی گرفتەکان ئەبینرێن. ئەمە لەکاتێکدایە ئەم گرفتانەی کە گازەندەیان لەسەر دەکرێت، سەرەکی ترین و سەرەتای ترین پێداویستی تاکەکانی کۆمەڵن.. بەڵام مەخابن کە دیسانەوە کەسە نا هۆشیارەکان دەستەوسان ڕادامێنن هانگاو بۆ چارەسەرکردن بە لاوازی ئەبینرێت.. ؟ئەمانە مشتێکن لەو خەروارێک کە ڕووبەڕووی تاکەکانی کۆمەڵگە ئەبنەوە. هەرچەندە زۆر وتراوەو ئەوترێت، بەڵام لە چوارچێوەی واقیعیدا کەمتەرخەمی بە زۆرێک لە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیەوە ئەبینرێت بە تایبەت لە پراکتیزە کردنی ئەو بیرو ڕایانەی کە گوزارشتی بە شارستانی بوون دەدەن. داخۆ لەمەو دوا تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بتوانن لەگەڵ بەشارستنی بوندا مامەڵە بکەن و ئاوێتەی نوێ خوازی ببن وەک گەلانی جیهان.. ؟ ئاخۆ لەم سەردەمی بە جیهانی بونەدا تاکەکانی کۆمەڵی کوردەواری هەوڵ ئەدەن بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی ڕۆژانە.. ؟ئاخۆ ئەو خاڵە لاوازانەی لە کەسایەتی ئێستای تاکەکانی کۆمەڵگەدا ڕەنگیان داوەتەوە، بۆ سەردەمێکی کاتی ئەبن و پاشان وێڵ ئەبن، یان بونەتە خاڵێک لە کەسایەتی ئێستای زۆرێک لە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیەمان و بە ئاستەم وون ئەبن.. ؟

yadgar_amin@yahoo. no

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.